www.kurdistannet.org

# چەند ڕاستیەكی مێژوویی لە چوارەمین كۆنفرانسی فیدراسیۆنی ڕێكخراوە قوتابی و خوێندكارەكان لەمەڕ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابیان

هەژار كاكۆ *

ساڵانە ڕێكخراوەكانی قوتابیان لە كەش و دۆخێكی ئازاد و دیموكراسیانەدا و لە كۆنفرانسێك و بەبەشداری سكرتێرو دوو ئەندامی سكرتاریەتی هەر ڕێكخراوێكی ئامادەبوو لە كۆنفرانسدا، دوای چوار دانیشتنی بەدوای یەكدا لەماوەی دوو ڕۆژ گفتوگۆیەكی تێروتەسەل دەكرێ لەسەر دیاری كردنی بڕگەكانی پرۆژەیەكی هەمە لایەنە كە لەدواجاردا دەبێتە بنەمایەك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی نوێنەرایەتی لەناوەندەكانی خوێندندا. گرنگی ئەو كۆنفرانسە لەوەدا خۆی دەنوێنێ كە هەمووان بێ پێچ و پەنا ڕای خۆیان لەسەر هەڵبژاردن و كەموكورتیەكانی و دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ دووبارە نەبوونەوەیان و وەستان لەسەر خاڵە بە هێزەكان و پتەوتركردنیان. لە هەمان كاتدا هەمووان بەلێك تێگەیشتن و دەربڕینی تێبینیەكان و بە دەنگی زۆرینەیان یەك یەكی خاڵەكانی پرۆژەكە دەنەخشێنن. كە ئەمەش یەكێكە لەو خاڵە بەهێزانەی كە دیموكراسیەتی پرۆسەكە مسۆگەر دەكات، بەوەی ڕێكخراوەكان بە ئیرادەی خۆیان شێوازو ڕێگاكاری هەڵبژاردنەكان دیاری دەكەن بەبێ ئەوەی لە دەرەوەی خۆیانەوە بەسەریاندا بسەپێندرێن. هەر بە پێی ئەو پرۆژەیە، ڕێكخراوەكان خۆیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ دادوەرە بەڕێزەكان لە لیژنەكانی سەرپەرشتی هەڵبژاردن دا نوێنەریان دەبێت و چاودێری سندوقەكانی دەنگدان دەكەن و ڕایان وەردەگیرێ لەسەر چارەسەركردنی هەر گرفتێك بێتە بەردەم بەڕێوەچوونی پرۆسەكە.

ئەم ساڵیش لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەو پێشهاتە گرنگانەی لە كوردستان و عیراق بە گشتی هاتوونەتە پێش هەر لە ڕزگاربوونی تەواوی ناوچەكانی هەرێمی كوردستان تا بە بەرەوپێش چوونی پرۆسەی ئاشتی لە كوردستان ڕادەگات، ڕێكخراوەكان لە كەركوكی دڵی كوردستان كۆنفرانسی چوارەمی هەڵبژاردنیان لە ڕۆژانی (٢٢-٢٣/١١/٢٠٠٣ )گرێ دا، لەگەڵ ئەوەی كۆنفرانس توانی پرۆژەی هەڵبژاردن دیاری بكات و ڕاسپاردەكانیش بڕیاری لەسەر بدرێ، بەڵام ئەوەی كە بوو بەگرێ كوێرەی كۆنفرانس و كارەكانی ڕاگرت جیاوازی بیرورا بوو لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شاری كەركوكی زامدار، بۆ مێژوو بەندە وەك ئەندامی لیژنەی ئامادەكاری كۆنفرانس و نوێنەری یەكێتی قوتابیان لە تەواوی كۆبوونەوەكانی خۆ ئامادەكردن بۆ سازدانی زەمینەیەكی لەبار بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەتەواوی ناوچەكانی هەرێمی كوردستاندا، بەناوچە تازە ئازادكراوەكانیشەوە ئەنجام بدرێت و هەڵبژاردنیش سەرتاسەری بێت و بوار بدرێ ڕێكخراوەكان لە هەموو ناوەندەكانی خوێندن چالاكی بنوێنن و بەشدارییەكی كاریگەر لە هەڵبژاردنەكاندا بكەن، بە پێویستی دەزانم ڕاستیەكان وەكو خۆیان ئاشكرا بكەم و، چیتر شتەكان لە چوارچێوەی هۆڵە داخراوەكانی كۆبوونەوەكان نەمێننەوەو ئەو خەڵكەی باس لە چارەنووسی دەكرێ نەزانێ نوێنەرەكانی چۆن بیر دەكەنەوەو بەكامە ڕێگا بەرگری لەماف و داخوازییەكانیان دەكەن و بەرەو كام ئاقار ئاراستەیان دەكەن بۆیە دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ چاووگوێ كردنەوەی جەماوەر و تا جەماوەر خۆی ڕەقیب و چاودێر بێت لەسەر بیرو ئاكاری نوێنەرەكانی و هەر كەس و تاقمێك بیەوێت هێلی بەرژەوەندییە باڵاكانی ببەزێنێ لێی بێتە وەڵام و ڕێگەی پێ بگرێ.

من دڵنیام ئەگەر پارساڵ كە ئێمە پێشنیارمان كرد كۆنفرانس لە هۆڵێكی كراوە ببەسترێ و لەبەر چاوی كامیراكانی تەلەفزیۆن ڕاكانی خۆمان دەربڕین قوتابیان قەبوڵیان نەدەكرد هەڵبژاردن دوو دەڤەری بكرێ و سەرتاسەری نەبێت، ئەو ڕێكخراوەش كە بەبێ بیانوو خۆی لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری دزیەوەو تەگەرەی بۆ دروست كرد جورئەتی نەدەكرد بڵێ(ئەگەر ئامادەن هەڵبژاردن بە دوو دەڤەری بكرێ ئەوە فەرموون كۆنفرانسی هەڵبژاردن ببەستن دەنا ئێمە لە سلێمانی كۆنفرانسی خۆمان دەبەستین و هەڵبژاردنیش بەڕێوە دەبەین و لەسەر ڕێكخراوەكانی هەولێریش ناوەستین)، ئێمەش ناچار نەدەبووین تەنیا لە پێناو مانەوەی ئەو ئەڵقە پەیوەندیەی كە لە بەستنی كۆنفرانس و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەیەك ڕۆژ و بەیەك شێواز لەسەرتاسەری كوردستان واز لە داخوازی خۆمان وتەواوی قوتابیان بهێنین بە ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنێكی سەرتاسەری تا هەر ڕێكخراوەو دەنگی لایەنگرەكانی خۆی لە تەواوی ناوەندەكانی خوێندن لە هەرێمی كوردستان بەدەست بهێنێ بۆیە تا ئێمە قوتابیان ئاگادار نەكەینەوە لەوەی كە دەكرێ و ڕوودەدا، ئەوە ڕێكخراوێكی وەك (كۆمەڵەی خوێندكاران) هەر ئاوا بێ منەت دەبێت لە ڕای گشتی و دەركردنی بەیاننامە لەسەری و هەروا لە خۆدزینەوەی لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری سڵ ناكاتەوەو گرفت بۆ سەركەوتنی كوردو ڕێكخراوە كوردستانیەكان لە كەركوك و موسل و ناوچە تازە ئازادكراوەكاندا دروست دەكات.

دیارە بە گەواهی دانی خودی ڕێكخراوەكان خۆیان یەكێتی قوتابیان (هەمیشە توانیویەتی بەرپرسی یەكەم بێت لە پاراستنی یەك ڕیزی و كۆبوونەوەی ڕێكخراوەكان لە دەوری یەكترو ڕێكخستنی كۆبوونەوەو چالاكیە هاوبەشەكانی

www.kurdistannet.org

نێوان ڕێکخراوەکان) لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی زۆرمان هەبوو لە سەرکەوتن و بەردەوامی لیژنەی باڵای هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکان بەهەمان شێوە هەر بە پێشنیازی ئێمە و ماندووبوونی چەند ڕێکخراوێکی دڵسۆزی هاوکارمان پێکەوە توانیمان فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی قوتابیان دروست بکەین و یەکەم کۆبوونەوەی دروست بوونی لە ٢٠٠٣/٣/٥ بە بەشداری (١٨ )ڕێکخراو ببەستین. پاش دروست بوونی هەندێ ڕێکخراو کە لەسەرەتا زۆر بە گرانی هاتنە پێش پاشان لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانیان خۆیان بە پێشەنگی دروست بوونی فیدراسیۆنەکەمان دایە ناسین، لەبەرامبەردا ئێمە خۆمان لەبەستنی کۆبوونەوەکانی بێدەنگ کرد، نەتوانرا کۆبوونەوەیەکی ڕێک بخرێت تا جارێکی تر زانیمان بەبێ ئێمە کەس دروست نەبووە ئەو بەرپرسیاریەتیە گەورەیە لە ئەستۆ بگرێ و کەسیش لەخۆیرا نابینێ نامە ئاراستەی ڕێکخراوەکان بکات و بە قسەی ئەو کۆببنەوە. بۆیە دوای پێنج مانگ لە (٣/٥)ەوە تا (٧/٣٠ )چاوەڕوانی، بانگێشتی ڕێکخراوەکانمان کرد جارێکی تر لە کەرکوک کۆببینەوەو کۆبوونەوەی فیدراسیۆن گرێ بدەین. بەداخەوە کۆمەڵەی خوێندکاران نەک هەر ئامادە نەبوون ڕێکخراوەکانی بارەگای سکرتاریەتیان لە سلێمانیە ئەوانیشیان بۆ کۆبوونەوەکە ئاگادار نەکردبووە.

دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ (٨/٢)جارێکی تریش کۆمەڵەی خوێندکاران بێ هۆ ئامادە نەبوون بەڵام سووربوونی ڕێکخراوەکان لەسەر هەماهەنگی و هاوکاری و کۆبوونەوەیان لەدەوری یەکتر، کۆمەڵەی خوێندکارانی ناچار کرد بەرەسمی داوای لێبوردن بکەن و بەڵێن بدەن کە ئەوانیش لەمەودوا هاوکاری سەرخستنی کارەکانی فیدراسیۆن بن ئەویش لەکۆبوونەوەیەک دا کە لە (٨/٦ )لە سکرتاریەتی کۆمەڵە بەسترا، و هەر بۆ زانیاری قوتابیانی خۆشەویستمان و بۆ ڕای گشتی تا ئێستا هەموو ئەو کۆبوونەوانەی لە سلێمانی یان لە بارەگای کۆمەڵە کراون کە نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوەکان لە ئەستۆی کۆمەڵە بووە نەیان نووسیوەو چەندین جاریش ڕەخنەیان لەسەر ئەمە ئاراستە کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی قوتابیانی کوردستان بەمە نازانن ئەوانیش باکیان بە ڕەخنەی ڕێکخراوەکان نەبووە.

وە هەر سەبارەت بە خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەو ساڵ لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠٠٣/٨/١٠ )ی فیدراسیۆن بڕیار درا کە لە (٢٠٠٣/٩/١٥ )کۆبوونەوەی فیدراسیۆن ببەسترێ، دیسان کۆمەڵەی خوێندکاران خۆی لەبەستنی ئەو کۆبوونەوەیە دزیەوە چونکە باسی هەڵبژاردنی سەرتاسەری تێدا دەکرا. تا ئێمە بانگێشتی ڕێکخراوەکانمان کردەوە لە ٢٠٠٣/١٠/١ بۆ سەنتەری ئاڵاو لەوێ بڕیاردرا (هەڵبژاردن سەرتاسەری بێت، وە لە ناوچە تازە ئازادکراوەکانیش ئەنجام بدرێ و بەبێ ئەنجامدانی پرۆسەکە لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان لە تەواوی هەرێمی کوردستان پرۆسەکە ڕابگیرێ تا زەمینە خۆش دەکرێ لەتەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێ )کە ئەمەش پێشنیاری یەکێتییەکەمان بوو بۆ دوو مەبەست، یەکەمیان :بەستنەوەی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان بە هەرێمی کوردستانەوە.

دووەمیان :سەرکەوتنی ڕێکخراوەکانی کوردستان لەو هەڵبژاردنانە تا بە دونیای بسەلمێنین کە دانیشتووانی ئەو شارانە زۆربەی کوردن و خەڵکەکەی دەخوازن بە هەرێمی کوردستانەوە گرێ بدرێنەوە

بۆ ئەو مەبەستەش دوو لیژنە دروست کرا؛ لیژنەیەیەک بۆ سەردانی هەردوو ئیدارەی هەرێم تا کارئاسانیمان بۆ بکەن، لیژنەیەکیش بۆ سەردانی ئیدارەی هەردوو شاری کەرکوک و موسل تا ڕازی بکرێن پشتیوانی لە فیدراسیۆن بکەن بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لەوشارانەو دەوروبەریان، لەو لیژنەیەی کە ئێمە کراین بە بەرپرس و سەرکەوتووانە سەردانەکانمان ئەنجام دان بۆ لای پارێزگارو ئەنجومەنی تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووین و بەڵێنی پشتگیریمان وەرگرت. بەهەمان شێوە ژوانی ڕێکخراوەکانمان لەگەڵ حکومەتی هەرێم ئیدارەی هەولێر ڕێک خست و بەڵێن و پشتیوانی حکومەتی هەرێممان لە وەزیری پەروەردە بە نوێنەرایەتی جەنابی سەرۆکی حکومەت وەرگرت، کەچی تابە ئەمڕۆوە ڕادەگات کۆمەڵەی خوێندکاران دیداری ڕێکخراوەکانیان لەگەڵ ئیدارەی سلێمانی ڕێک نەخستووەو دڵ خۆش نەبوون بەسەرکەوتنی کاری لیژنەکان. وە بڕیار بوو کۆبوونەوەی دیاری کردنی کات و شوێنی بەستنی کۆنفرانس لە سلێمانی لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١٠/٢٠ ببەسترێ، کەچی کۆمەڵەی خوێندکاران بەبێ هیچ بیانوویەکی موقنع کۆبوونەوەکانی دواخست بۆ کاتێکی نادیارو ڕێکخراوەکانیشیان لێ ئاگادار نەکردەوە، دیسان خۆیان دزیەوە لە گفتوگۆکردن لەسەر بەستنی کۆنفرانسی هەڵبژاردن. تا جارێکی تر دیسان خۆمان لە فیدراسیۆن و هەڵبژاردن کردەوە خاوەن و بانگێشتی ڕێکخراوەکانمان کرد بۆ بارەگای سکرتاریەتمان لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١٠/٣٠ و داوامان کرد چیتر بەستنی کۆبوونەوەی ئامادەکاری کۆنفرانسی هەڵبژاردن دوا نەخرێ، ئەوە بوو بڕیار درا لە ١١/٦ کۆبوونەوەکە لە سلێمانی گرێ بدرێت لەوێش کۆمەڵەی خوێندکاران کۆبوونەوەکەیان برد بۆ هۆڵی بارەگایەکی حزبی وەک بارەگای ڕێکخراوە دیموکراسیەکانی یەکێتی نیشتمانی تا ئەمە ببێتە مایەی گلەیی ڕێکخراوەکان و کۆبوونەوەکە نەبەسترێ، بەڵام دیسان دانمان بە خۆمان دا گرت و نەمان هێشت ببێتە کێشە لەبەردەم بەستنی کۆبوونەوەکە، لەناو کۆبوونەوەکەشدا بەبێ ئەوەی ڕێکخراوەکان بوونی کۆمەڵە لەناو لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس بە پێویست بزانن خۆیان سەپاندو گوتیان دەبێ ئێمە لە لیژنەی ئامادەکاریدا دابنێین و بەرهەڵستی بوونی یەکێتیەکەمانیان دەکرد لە لیژنەی ئامادەکاری، چونکە دڵنیا بوون لەسەر دڵ گەرمی و هەوڵ و کۆششی ئێمە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری بەڵام بۆیان نەچووە سەرو ڕێکخراوەکان بەرگریان لە بوونی نوێنەری یەکێتی قوتابیان کرد لەلیژنەی ئامادەکارو بوونی ئێمەیان بەمەرجی سەرکەوتنی کارەکانی

www.kurdistannet.org

لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس دایە قەڵەم.
ئەوە بوو بڕیاردرا کۆنفرانس لە رۆژی ١١/٢٠ لە کەرکوکی دڵی کوردستان ببەسترێ، وە لەو ماوەیەی تا کۆنفرانسەکە بەسترا سێ کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتییەکەمان و کۆمەڵەی خوێندکاران بەسترا. لەرۆژانی (١١/٥ و ١١/١٧ و ١١/١٩)، بەردەوام هەوڵی رازی کردنی کۆمەڵەی خوێندکارانمان داوە تا بیانوو نەگرن و بەشداری کارا بکەن لەبەستنی کۆنفرانسەکەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، هەر جارەو بیانوویەکیان پێ دەگرتین وەک (جارێک بیانوویان ئەوەبوو کە دەبێ لە ئامادەییەکانی ناو موسل، هەڵبژاردن بکرێ دەنابە تەنیارازی نابن لەزانکۆی موسل ئەنجام بدرێت، جارێکی تر رازی نەبوون هەڵبژاردن لە کەرکوک بکرێ بەو بیانوویەی کە رێکخراوەکانی کوردستان ئەنجامەکانیان خەراپ دەبێ و دەیدۆرێنن، بەڵام پێشنیاری ئێمە بۆ سەرکەوتنی رێکخراوەکانی فیدراسیۆن لە کەرکوک ئەوە بوو کە بەیەک لیست بچینەپێشبڕکێ و هەموومان بەیەک دەستکار بکەین لە کەرکوک، جارێکی تریش بەوەدەیان ترساندین کە ئەوان بەرپرسیاریەتی پاراستنی گیانی کادیرانی یەکێتی قوتابیان لە ئەستۆ ناگرن لە سنووری ئیدارەی سلێمانی و پێشبینی لەوەش گەورەتر دەکەن کە کادیری ئێمە لە هەورەمان ئاسایش بیگرێ و لە چەمچەماڵ لە قوتابخانە دەربکرێ و لە خوێندن داببڕن، ئەمە جگە لەوەی بۆ ئامادەبوون لە هەریەک لەو کۆبوونەوانەش بەبێ هیچ بیانوویەک یەک کاتژمێر دوا دەکەوتن.
وە هەروەها کۆبوونەوەی ئامادەکاری کۆنفرانسیان لە ١١/١٨ دواخست بۆ ١١/٢٠ و کۆنفرانسیش لە ١١/٢٠ بۆ ٢٢/١١ تا لەرۆژی جەژن نزیک بێتەوەو نەتوانرێ کارەکانی خۆی کۆتایی پێ بهێنێ کە هەرواشیان لێ کرد، دەنا تا ئێستاش هیچ رێکخراوێک لە هۆکاری ئەو دواکەوتنەی نەزانی کە راستیەکەی هەر ئەوە بوو کە باسم کرد دەنا هیچ بیانوویەکی تریان نەبوو .وە هەر بۆ دەرخستنی مەبەستی خۆیان لە کەمتەرخەمی نواندن بەرامبەر بە راپەڕاندنی کارەکانی کۆنفرانس، نوێنەری کۆمەڵە لە لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس یەک کاتژمێر بێ هۆ دواکەوت بۆ بەشداری کردنی لە کۆبوونەوەی (١١/٢٠)ی لیژنەکە، ئەمەش هەر لەپێناو ساردکردنەوەی رێکخراوەکان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری.
ئەگەر بێینە سەر باسی کۆنفرانسەکەش ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کەکۆنفرانس سەرکەوتوو بوو لەدانانی پرۆژەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنە بۆ دیاریکردنی قۆناغەکانی هەڵبژاردن و رۆژانی هەڵبژاردن و شێوازی هەڵبژاردن و فەراهەم کردنی ئازادی کاری رێکخراوەکان و پروپاگەندە کردن و دروست کردنی لیژنەکانی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردن و رێککەوتن لەسەر چەند خاڵی گرنگ وەک راسپاردەی کۆنفرانس. ئەوەی کە ماوەیەو بوو بەگرێ کوێرەی کۆنفرانس شێوازی هەڵبژاردن بوو لە کەرکوک کە دوو رای جیاواز هەبوون، رایەک پێ وابوو کە هەموو رێکخراوەکانی کۆنفرانس بەیەک لیست لە کەرکوک بچنە پێشبڕکێ لەپێناو زامن بوونی سەرکەوتنیان ئەمەش رای یەکێتییەکەمان بوو، رای دووەمیش کە رای کۆمەڵەی خوێندکاران بوو پێیان وابوو کە رێکخراوەکانی فیدراسیۆن هەر ناتوانن سەرکەوتوو بن بۆیە با هەر رێکخراوەو بە لیستی خۆی بەجیابچێتە پێشبڕکێ، دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل ئەو خاڵەش وەک چەندین خاڵی دیکە خرایە دەنگدان و لە ئەنجامدا رای یەکەم (١٠)دە دەنگی لەگەڵ دا بوو بەڵام رای دووەم تەنیا(٢)دوو دەنگی لەگەڵ دا بوو، بۆیە بە پێی رێککەوتنی پێشووی رێکخراوەکان رای یەکەم کە زۆرینەی دەنگی لەگەڵ دا بوو، بووە بڕیاری کۆنفرانس، کەچی کۆمەڵەی خوێندکاران بە دەنگی بەرز گوتیان ئێمە پابەند نابین بەو بڕیارەو کۆنفرانسیش با کۆتایی بە کارەکانی بهێنێ و ئێمە رۆژی دوای تەواوبوونی جەژن وەڵامی کۆتایی خۆمانتان پێ دەڵێینەوە ئەگەر بێ وەڵامیش بووین، ئەوە مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن نین، ئێوەش کۆببنەوەو بە ناوی فیدراسیۆن بەیاننامە لەسەر کۆمەڵەی خوێندکاران دەربکەن. وەهەر لە کۆنفرانسەکەدا دوا قسەی سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران ئەوەبوو کە بواری بیرکردنەوەی زیاتریان پێ بدرێ و ئەوان لە رۆژی دوای تەواو بوونی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا داوای دووبارە کۆبوونەوەی رێکخراوەکان دەکەن. بەڵام ئەگەر نەیانکرد بە واتا پابەند نابن بە بڕیارەکانی کۆنفرانس و رێکخراوەکانیشیان بێ منەت کرد لە دەرکردنی بەیاننامە لەسەریان کە سکرتێری یەکێتی گشتی گوتی(هەر رێکخراوێک پابەند نەبێت بە بڕیارەکانی کۆنفرانس ئەوە فیدراسۆن بەیاننامەی لەسەر دەردەکات .)هەرچەندە رۆژی پێنج شەممە ١١/٢٧ رۆژی دوای تەواوبوونی جەژنی سلێمانی بوو، بەداخەوە کۆمەڵەی خوێندکاران هیچ وەڵامێکی ئەکتیڤیان نەبوو، دوای یەک هەفتە لە چاوەڕوانی و وەڵامی کۆمەڵە جارێکی تر لە روانگەی پەرۆشیمان بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرتاسەری بانگێشتی رێکخراوەکانمان کردەوە بۆ سەنتەری ئاڵا لە رۆژی ٢٠٠٣/١٢/٢ و داوامان کرد لیژنەیەک لە نوێنەری پێنج رێکخراو پێک بهێندرێ و سەردانی بارەگای کۆمەڵە بکەن، تا رازیان بکەن پابەندبن بە بڕیارەکانی کۆنفرانس، ئەوە بوو نوێنەری رێکخراوەکانی (یەکگرتووی قوتابیان و یەکێتی گشتی و هاوبەندی قوتابیان و رێکخراوی رۆشنبیری قوتابیانی تورکمان و یەکێتی خوێندکارانی سۆسیالیست )لە رۆژی١٢/٤ سەردانی سکرتاریەتی کۆمەڵەیان کرد و لەوێ سکرتێری کۆمەڵە جارێکی تر دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەوان رازی نابن بە بڕیاری کۆنفرانس بۆ دابەزینی رێکخراوەکانی فیدراسیۆن لە کەرکوک بەیەک لیست، بەڵکو گوتیان دەبێ رێکخراوەکان هەریەکەیان بەلیستی خۆیان بەجیا بچنە پێشبرکێ و نەیان شاردەوە کە ئەگەر رێکخراوە

www.kurdistannet.org

کوردستانیەکانیش لە کەرکوک بیدۆڕێنن گرنگ نیە بەقەد ئەوەی بەلای کۆمەڵە گرنگە بەدەنگەکانیان لە کەرکوک هەوڵ بدەن بەشێک لە
ڕێژەی دۆڕانیان لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک بۆ پڕبکاتەوە. هەروەها سکرتێری کۆمەڵە بە نوێنەری ڕێکخراوەکانی گوتبوو(کە باکورد لە کەرکوک بدۆڕێ تا بتوانێ بیر لە راستکردنەوەی دۆخی خۆی بکا لە کەرکوک) و پێی وابوو کورد تا نە دۆڕێ مشۆری لە وەزعی خۆ ناخوات ئەم قسانەی سکرتێری کۆمەڵەش بە وێنەو دەنگ لەبەردەستمانە، هەروەها کۆنفرانس لە کەرکوک بڕیاری دا کە ئەگەر هاوپەیمانان رازیش نەبوون لە ئامادەییەکانی کەرکوک هەڵبژاردن بکرێ ئەوا با تەنیا لە زانکۆ و پەیمانگاکان بکرێت، لەو سەردانەی ڕێکخراوەکاندا کۆمەڵە لەو بڕیارەش پەشیمان ببۆوەو گوتبوویان (بەبێ ئامادەییەکانی کەرکوک رازی نابین هەڵبژاردن لەسەرتاسەری کوردستان بکرێ )کە دیارە ئەمەش بیانویەکی نوێی ترە بۆ ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری هەر لەو کۆبوونەوەیەی(١٢/٢ )دا بڕیاریان داوە ڕێکخراوەکان لە ١٢/١١ جارێکی تر کۆببنەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو خاڵ و بڕیارانەی کۆمەڵە پابەندیان نابێت تا ڕێکخراوەکان لەگەڵ ویست و ئارەزووی کۆمەڵدا خۆیان بگونجێنن دەنا دەبنە بەربەست لەبەردەم هەڵبژادرن، دیارە کۆمەڵەی خوێندکاران لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە ڕێکخراوەکان بڕیاریان داوە هەڵبژاردنەکان لە ١٢/٢٠ دەست پێ بکات لە (١٢/١١)ش کۆبوونەوە بێت، ئەوە لیژنەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردن لەماوەی هەشت ڕۆژدا ناتواندرێ لە پێنج پارێزگا دروست بکرێ و ئەویش کارەکانی خۆی بەڕێوەببات لە دروست کردنی لیژنە فەرعیەکان و دابین کردنی پێداویستیەکانی هەڵبژاردن و زەمینەسازکردن بۆ ڕێکخراوەکان تا پڕوپاگەندە بۆ لیستە کانیان بکەن خۆ ئەگەر بیر لە دواخستنی هەڵبژاردنەکانیش بکرێ ئەمەش هەڵەیەکی ترە چونکە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ نزیک دەبنەوەو، دەوام لە ناوەندەکانی خوێندن کز دەبێت و هەڵبژاردن مانای راستەقینەی خۆی نابەخشێ و ئامانجەکانی خۆی ناپێکی.
دوای ئەوەی کە دوا کۆبوونەوەی تەواوکردنی کارەکانی کۆنفرانس لە ٢٠٠٣/١٢/١١ لە هۆڵی دم دم لە هەولێر بەسترا، جارێکی تر نوێنەری کۆمەڵ داوای کرد کە هەڵبژاردنەکان لە کەرکوک بە لیستی جیاجیای ڕێکخراوەکان ئەنجام بدرێ سەرەڕای ئەوەی کە دیسان زۆربەی زۆری ڕێکخراوەکان بۆ خاتری کوردو بردنەوەی ڕێکخراوەکانی کوردستان کۆمەڵە رازی بن بە لیستی فیدراسیۆن ل کەرکوک، بەڵام ئەمجارەیان قسەی کۆمەڵەی خوێندکاران دوو گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، یەکەمیان هاتبوونە سەرڕای یەکێتیەکەمان بۆ بەشداری پێ نەکردنی ئامادەییەکانی گەرەکەکانی دەهەزاری کە عەرەبی هاوردەن بۆ کەرکوک لە هەڵبژاردنەکان، دووەمیان گرتنەبەری هەموو ڕێگا دیموکراتیەکان لە پێناو ئەنجام دانی هەڵبژاردنی لەکەرکوک و دوورخستنەوەی دەهەزاریەکان لە هەڵبژاردن، بەڵام جیاوازی رای یەکێتی قوتابیان کۆمەڵەی خوێندکاران لەوەدا بوو، ئێمە لە یەکێتی قوتابیان داوامان کرد ئەگەر فیدراسیۆن بۆ بەشدار نەکردنی دەهەزاری سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا مەرج نیە لە ئامادەییەکان بکرێ با تەنیا لە زانکۆو پەیمانگاکانی کەرکوک هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەڵام کۆمەڵە کە رای هاوپەیمانانیان دەزانی لە دانیشتنیان لەگەڵیان لە ڕۆژی ١٢/٤ کە ئەوان رازی نین ئەگەر لە ئامادەییەکان هەڵبژاردن بکرێ، دەبێ لە دەهەزاریش بکرێ، بۆیە هەوڵیان دەدا ئەو خاڵ بکەنە کێشەو مەرج بۆ نەکردنی هەڵبژاردن.
ئێمە لە روانگەی هەست کردنمان بە بەرپرسیاریەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و بۆ ئەوەی بیانوو بە دەستی هیچ کەسێکەوە نەمێنێ خۆی پێ لە هەڵبژاردنەکان بدزێتەوە بڕیارمان دا بەهەموو بڕیارو راکانی کۆمەڵەو ڕێکخراوە هاوپەیمانەکانمان لە فیدراسیۆن رازی دەبین تەنیا بەو مەرجەی کە هەڵبژاردنەکان بکرێن و تکامان کرد کە هیچ بیانویەک نەکرێتە مەرج بۆ نەکردنی هەڵبژاردن، هەموو هەوڵەکانمان لە پێناو ئەنجامدانی پرۆسەکە بێت لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان و بەناوچە تازە ئازاد کراوەکانەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی دڵنیاین هاوپەیمانان و ئیدارەی هەردوو شاری کەرکوک و موسڵ پشتیوانی پرۆژەی فیدراسیۆن دەکەن، ماوەتەوە خۆمان لە خەمی سەرکەوتنی پرۆسەکەو میللەتەکەمان و ڕێکخراوەکانی فیدراسیۆن بین و هەموو هەنگاوەکانمان لەو پێناوە دابێت.

*** ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی (ی.ق.ک)**